وەزیری دەرەوەی ئێران گەیشتە بەغدا و لەگەڵ بەرپرسانی باڵای عێراق کۆدەبێتەوە

بەیانی ئەمڕۆ پێنجشەممە (13ـی حوزەیرانی 2024)، عەلی باقری وەزیری دەرەوەی ئێران بەوەکالەت بەسەردانێکی فەرمی گەیشتە بەغداو بەیارە باقری لەگەڵ بەرپرسانی باڵای عێراق پرسی پێیوەندیەکانی نێوان هەردوو وڵات تاوتوێ بکات و یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکان باسی رەکەوتنی ئەمنی نێوان عێراق و ئێرانە، سەبارەت بە چەک داماڵین و ڕەگریکردن لە چاڵاکییەکان لە حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سبەینێ هەینی، عەلی باقری سەردانی هەولێر دەکات و لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی (ماوە بە درێژکراو)ی هەرێم و مەسرور بارزانی، سەرۆکی (ماوە بە درێژکراو)ی حکومەتی هەرێم کۆدەبێتەوەو دواتر دەگاتە سلێمانی و لەگەڵ بافڵ تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆدەبێتەوە.